# مارکسیزم و دیموکراسی

نووسینی: تۆنی کلیف

هاوڕێکانم سۆسیالیسته تورکەکان، پێم دەڵێن که خەڵکانێکی زۆر له تورکیادا باوەڕیان وایه گەر تورکیا پەیوەندی بکات به کۆمەڵگەی ئەورووپی یەوە ئەوا دیموکراسی زامن دەبێ. بەر له مامەڵه کردن له گەڵ ئەم گفتوگۆ تایبەتەدا، پێم خۆشه وێنەیەکی گشتی تر بخەمه ڕوو سەبارەت به پەیوەندی یەکانی نێوان دیموکراسی و گۆڕانکاری له کۆمەڵگەدا.

ووشەی دیموکراسی، له سەردەمی (گریکەکان) دا داتاشراوە به واتای (فەرمانڕەوایی خەڵک یان جەماوەر). کەچی له گەڵ ئەوەشدا، نه ئافرەتان و نه دانیشتوانه غەیره گریکەکان ڕێ یان پێنەدراوە لەم دیموکراسی یەدا دەنگ بدەن. مافی دەنگدانی گشتیش ناتوانێ فەرمانڕەوایی له لایەن خەڵکەوە زامن بکا. له ڕاستی دا ئەوە (ناپلیۆنی سێهەم) بوو مافی دەنگدانی گشتی به کارهێنا تا دیکتاتۆریەتی خۆی بسەپێنێ لەڕێ ی دەنگدانەوە: دەولەتی ناوچه دواکەوتووەکانی چەکدار کرد دژ به (پاریس) ی پێشکەوتوو.

به هەمان شێوە بسمارک Bismarck، که مافی دەنگدانی گشتی پێشکەش کرد به ئەڵمانیا، بەکاری هێنا بۆ به هێز کردنی دەسەڵاتی قەیسەر و میرەکان و Junkers دژ به سۆسیالیستەکانی بەرلین.

کاتی دەڕوانینه دەولەته سەرمایەداری یه دیموکراتەکانی وەک بەریتانیا، فەرەنسا، یان ئەڵمانیا، مافی دەنگدانی گشتی ڕەچاو دەکرێت، ئەندامانی پەرلەمان دیموکراسیانه هەڵدەبژێردرێن بەلاّم ئەمه دادوەران و ئەفسەرانی پۆلیس و فەرماندەکانی سوپا ناگرێتەوە. له سەرووی هەمووی ئەمانەشەوە خەڵک مافی ئەوەیان نی یه دیموکراسیانه بەڕێوەبەری کارگه هەڵبژێرن یان گەر بیانەوێت له سەر کار لای بەرن. سەرمایەداران و پرۆلیتاریا یەکسانن له بەردەم یاسادا. کاتێ یاسا دەڵێت " نه هەژاران و نه دەولەمەندان بۆیان نی یه شەوان له پارک دا بمێننەوە " له ڕووکەشدا یەکسانن. به هەمان شێوە کاتێ یاسا دەڵێت " هەموو کەسێک، هەژار یان دەولەمەند، ڕێ یان پێ دەدرێت له Ritz Hotel دا بمێننەوە " یاسا جیاکاری به کارنەهێناوە بەرامبەر به هەژاران.

پیشه کاری کاغەز له بەریتانیا خاوەنی تاکه دەنگێکه وەک هەر هاووڵاتی یەکی تر، بەلاّم له ڕاستی دا ڕوپیرت مۆردۆک Rupert Murdoch ئیمپراتۆریەتێکی ڕۆژنامەگەری جەماوەری کۆنترۆل کردووە – ڕۆژنامه ڕۆژانەکەی سەن Sun ڕۆژی چوار ملیۆن دانه دەفرۆشێت، سەرەڕای ڕۆژنامەکانی Times و News of the world له گەڵ بازنەیەکی جەماوەری و Sunday Times – مافی دەنگدانی نییه، چونکه هاووڵاتی یەکی ئەمریکی یه و ئەمەش له له بەر چەند هۆیەکی بازرگانی وای کردووە. کرێکاره بەریتانی یەکان له 23% داهاتیان دەدەن به باجی داهات و له 10% ش به دڵنیایی نیشتمانی. ڕوپیرت مۆردۆک تەنها 0.5% ی قازانجەکەی باج دەدات، هەر وەک خۆی له

کۆمپانیاکانی تۆماری کردووە لە بەندەری باجی دوورگەکانی کایمان Cayman . بێ گومان کرێکاران و سەرمایەداران یەکسانن لە بەردەم یاسادا . ئەو چاپسازەی (کرێکاری چاپ) کار بۆ مۆردۆک دەکات لە لایەنی یاسایی یەوە هیچ زیانێکی لێ ناکەوێت. من ئامادەم گرەو بکەم گەر بەشداری بکەم لە یاری یە ئۆلۆمپییەکان بۆ کێ برکێ کردن بەرامبەر بە لینفۆرد کریستی Lonford Christie ، خێراترین ڕاکەری بەریتانی، ئەوا پێشی دەکەوم هەر چەندە تەمەنم 82 ساڵە، بە مەرجێک ئۆتۆمبیلێک و شۆفێرێکی باشم پێ بێت.

لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە دیموکراسی ڕووکەشیانە، زوڵم و زۆر لە سەر نەتەوە و ڕەگەزەکان دوور ناخاتەوە. لە رۆدیسیا ( زیمبابۆی ئێستا) دا ئێستا 200 هەزار لە دانیشتووانی سپی پێست مافە دیموکراسیەکانیان هەیە. ئەمەش ئەم زوڵم و زۆرەی سەر 5 ملیۆن ڕەش پێستەکان کەم ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە یەکێتی نێوان سپی پێستەکان بە هێز تر دەکات لە بەرامبەر ڕەش پێستەکان دا.

ئەو ڕاستی یەی کە ئیسرائیل دەوڵەتێکی دیموکراتە، ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو سێ ملیۆن فەلەستینی یەی دەرکراون لە سەر زەوی خۆیان لە لایەن ئەم دەوڵەتەوە، مافی گەڕانەوەیان هەبێت یان مافی دیاری کردنی چارەنووی خۆیان . بنەمای سەرەکی بۆ ئەو پرسیارەی ئایا دیموکراسی جەماوەری بە هێز کراوە یان نا؟ ئەو ڕادەیەیە کە تیایدا ستەم لیکراوان دەسەڵاتی ڕاستەقینە دەگرنە دەست، لینین لە ساڵی 1902 دا نووسیویەتی *" کاتێ کرێکارێک مان دەگرێت بۆ زیاد کردنی کرێ، ئەوە سەندیکالیستە، بەڵام کاتێک ماندەگرێت دژ بە لێدانی جوولەکەکان، ئەو کات سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەیە "* هەروەها دەڵێت *" ئێمە ڕابەری ستەملێکراوانین "* . لە دەوڵەتێک دا کە نەتەوەی باڵا دەست و نەتەوەی ستەملیکراو هەبێت، ئەرکی سەرەکی سۆسیالیستەکانی سەر بە نەتەوە باڵا دەستەکەیە خەبات بکەن لە پێناو مافی چاوەنووسی ستەم لیکراوان. بۆ گەیشتن بە یەکێتی یەک لە نێوان پرۆلیتارەکانی نەتەوەی ژێر دەستە و نەتەوەی سەر دەستە پێویستە لە سەر پرۆلیتاریای نەتەوەی سەردەستە کە جەخت بکەن لە سەر مافی جیابوونەوەی ستەم لیکراوان : لە کاتێک دا پرۆلیتاریای نەتەوەی ستەم لیکراو دەبێ بە توندی گفتوگۆ سازبکەن لت گل پرۆلیتاریای نەتەوەی سەردەستە.

پێش مەرجێک بۆ ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد ئەوەیە کە ستەمکاری دژ بە نەتەوەیەک نەک تەنها زیان بە چینی پرۆلیتاریای نەتەوەی ستەم لیکراو دەگەیەنێت، بەڵکو بە نەتەوەی دەسەڵاتداریش. کرێکارێکی سپی پێستی وولاتە یەکگرتووەکان، لە نیویۆرک مافی بەرچاوترە ،و کرێ و کار و ماڵ بۆ کرێکارە سپی پێستەکان لت بارترە وەک لت خەڵکانی ڕەش پێستی تێکساس . لت گل ئەوەشدا، لە رووکەشدا کرێکارە سپی پێستەکان بێ گومان سوود دەبینن لەو ستەمکاری یەی دژ بە ڕەش پێستەکان دەکرێت. بەڵام کرێ و باری کارو ماڵی کرێکارە سپی پێستەکان لت تێکساس زۆر خراپترە لت بەراورد لت گل ئەوانەی نیویۆرک دا.

کلیل بۆ دیموکراسیەتیەکی جەماوەری کاریگەر و ڕاستەقینە یەکگرتنی خەباتی کرێکارانە پێکەوە بە چاوپۆشی کردن لە ڕەگەز و ناسنامە و نەژاد.

کاتێ تەماشای تەلەفزیۆنم دەکرد و کاریگەریی ترسناکی بومەلەرزەکەی ساڵی پاری باکووری ڕۆژئاوای تورکیام بینی، ڕوون و ئاشکرا دیاربوو کە بومەلەرزەکە زیانێکی زۆر گەورەی هەبووە لە سەر خانووبەرەکانی گەڕەکە میللی یەکان، نیشتەجێ کانی چ تورک بن یا کورد، لە کاتێکدا خانووی دەوڵەمەندەکان بێ زیان بوون. هەروەها وێنەکان بە ئاشکرا ڕۆڵی سوپایان نیشان دەدا – سوپای تورکیا دووەم و گەورەترین سوپای ناتۆ NATO یە پاش وولاتە یەکگرتووەکان – کاتێ هاتنە سەر بوومەلەرزەکە سەربازەکان دەبینران چۆن بە پەلە هاتن بۆ پاراستنی هێمنی – بە چەکەوە نەک بلدۆزەر بۆ ڕزگار کردنی ژیانی هاووڵاتیان.

پەیوەندی کردنی تورکیا بە ( بازاری ئەورووپی هاوبەش)ەوە نابێتە سەرهەڵدانی چالاکی خودیی کرێکاران. کلیل بۆ مارکسیستەکان چالاکی خودیی جەماوەری کرێکارانە. بێ گومان هەموو مافێکی دیموکراسی چەند بچووک تێت دەبێ بەرز ڕابگیرێت و بنرخێنرێت. بەڵام دیموکراسی جەماوەری ڕاستەقینە تەنها لە ڕێ ی کردارێکی جەماوەری یەوە دەتوانرێ بهێنرێتە دی. هەر وەک مارکس دەڵێت " رزگاری چینی کرێکار، بەندە بە هاتنەمەیدانی خودی چینی کرێکار خۆیەوە ".

بە گشتی نەریتی سیستەمی ڕۆشنبیری ئەو مێژووەیە کە لە رابردوو وە وەرگیراوە. ئێمە زۆر شت فێردەبین سەبارەت بە مێژوو هەروەها لە سەر پادشا و ئیمپراتۆر و جەنەراڵەکان. لە بەر ئەوە ئەو بیرۆکە هەڵەیەی کە گوایە ئەگەر سەرۆک وەزیرانی تورکیا پێکەوە دابنیشێ لە گەل ( تۆنی لێر و گیرهارد شرۆیدەر و ژۆسپان) دیموکراسی یەکی ڕاستەقینە دێتە کایەوە، بیرۆکەیەکی هەڵەیە دەبێ لە ناوی بەرین.

کرێکاران ناتوانن دەسەلاَت بگرنە دەست لەڕێ ی فرۆفیلەوە، لە پشت سەری مێژووەوە، بەڵکو ئەمە تەنها لە ڕێگەی خەباتی چینایەتی یەوە دەکرێ.

*دەربارەی نووسەر*

*"تۆنی کلیف" Tony Cliff ساڵی 1917 , هەمان ساڵ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیای تیا بەرپابوو, لە فەلەستین لە دایک بووە. ساڵی 1930 بووە بە سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕ و یەکێک بووە لە پەیرەوکەرانی لیۆن ترۆتسکی. دوا بە دوای ئەوەی لە فەلەستین دا کاری کردووە بۆ پێکهێنانی گرووپێکی بچووکی شۆڕشگێڕ لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دا هاتۆتە بەریتانیا. بە دوای خوێندنەوەیەکی چڕو تێبینی کردنی بارو دۆخی وڵاتەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات, کە لە فەلەکی یەکێتیی سۆڤیەت دا دەخولانەوە, دەستبەرداری ترۆتسکیزمی ئەرتەدۆکس بووە.*

"کلیف" گروپی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی دامەزراند کە بووە زەمینەیەک بۆ پێکهێنانی "سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان" لە شەستەکان دا و هەروەها "حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست" لە حەفتاکان دا.

خاوەنی دەیان پەرتووک و نامیلکە و سەدان وتاری جۆراو جۆرە. لەوانە پەرتووکی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕووسیا، لە ساڵی 1947 نووسیویەتی و وەرگێردراوە بۆ 16 زمانی دونیا. سێ بەرگ دەربارەی کارو ژیانی لینین و چوار بەرگیش دەربارەی ترۆتسکی, هەروەها پەرتووکی خەباتی چینایەتی و رزگاری ژنان , ترۆتسکیزم دوای ترۆتسکی , تیوری شۆرشی بەردەوامی بەلارێدا براو، مارکیسزم لە هەزارەی سێیەم دا ...هتد. ماوەیەکی کەم دوای دەرچوونی پەرتووکێک لە بارەی ژیانی خۆیەوە کە بە ناونیشانی ( ژیانێک بۆ بردنەوە: بە سەر هاتی شۆڕشگێڕێک) لە نیسانی 2000 دا کۆچی دوایی کرد.

ئەم وتارە (مارکسیزم و دیموکراسی) بەشی سیانزەیەمی پەرتووکێکە بە ناوی (مارکسیزم لە هەزارەی سێیەم دا). لە لایەن "دەستەی وەرگێران و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی سۆسیالیستی" کراوە بە کوردی و لە شێوەی پەرتووێک لە کوردستان بڵاو کراوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بەم ئیمایلەوە : azadarman@hotmail.com